# لوبنان: قەیرانی حکومەتی ومەترسی سەرهەلدانەوەی شەری ناوخۆ!

خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk



ڕووداوی تیرۆری رەفیق حەریری، کۆمەلگای لوبنانی بەرەو قەیرانیکی حکومەتی وزنجیرە ئالوگۆریکی دراماتیکی راپیچداوە. سەرەتا خۆپیشاندانەکانی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنی لوبنانی وبەدوایدا دەست لەکارکیشانەوەی عومەر کەرامی لە حکومەت وئینجا خۆپیشاندانی سەدان هەرزای شاری بەیروت ودەستبردنی سوریا بۆ قوناغییەکەمی کشانەوەی هیزەکانی لەناوچەکانی لوبنان، ئەمانەو جاریکی تری گەرانەوەی عومەر کەرامی بۆ سەرۆکایەتی حکومەت و دانوسان و راگەیاندنەکانی بەرەی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، ئەلقە یەك لەدواییەکەکانی ئەم رووداو ئالوگۆرانەن، کەهیشتا تروسکاییەك بۆدەرچوونی کۆمەلگای لوبنان لەئاکامەکانی ئەم قەیرانە و سەرهەلدانەوەی جاریکی تری جەنگی ناوخۆ بەدیارناکەوی. بەلام هەلەیە ئەگەر رووداوەکانی ئەمرۆی لوبنان و قەیرانیکی حکومەتی کەسەری هەلداوە بەتەنها لەئاکامی کیشمەکیش و بەرابەرکیی هیزە نیوخۆییەکانی ئەم ولاتەدا سەرنج بدری. بارودۆخ لەعیراق و فەلەستین، نەخشی ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوا و ناوچەکە، کۆمەلەی ئەو فاکتۆرە سەرەکیانەن کەراستەوخۆ کاریگەریان لەسەر رووداوەکانی ئەمرۆی لوبنانان هەیە. بەلام بەرلەوەی بەلایەنە سەرەکییەکان و هیزە دەخالەتە گەرەکانی نیو ئەم رووداوانەو ئاکامیك کەچاوەروانی خەلکی لوبنان دەکات سەرنج بدەین باشترە سەرەتا پیشینەیەك لەم قەیرانە بخەینەروو:



## "ریکەوتن نامەی تایف"، سەرنجیکی کورت لەرابردوو:

بەدوای چەندین سال دریژەکیشانی شەری ناوخۆو پیکدادانی چەکداری دەستەو تاقمی قەومی و مەزهەبی وسەرهەلدانی حیزبوللا، بەدوای پەلامارە یەك لەدوای یەکە سەربازییەکانی ئیسرائیل بۆسەر خواروی لوبنان و روو تیکردنی لیشاویکی گەورە لەئاوارە فەلەستیەکان وجیگیربوونی سوپای سوریا لەجەرگەی ئەم شەرو کیشمەکیشانەدا وسەرەنجامیش بەدوایتیپەرکردنی قوناغیك لەجەنگ وکیشەی نیوان ئیسرائیل ودەولەتانی عەرەبی وچوونەپیشەوەی هەموو ئەمانەش لەچوراچیوەی هاوکیشە سیاسییەکانی سەردەمی جەنگی ساردی نیوان هەردوو بلۆکی شەرق وغەربدا، سالی 1989"ریکەوتن نامەی تایف" لەسعودیە هاتەکایەوە وبەمجۆرەش ئارامییەکی نسبی رووی لەکۆمەلگای لوبنان کرد. بەپیی ئەم ریکەوتن نامەیە، سووریا وهەرهیزیکی تری غەیرە لوبنانی پاش دووسال بەسەر ریکەوتن نامەی تایفدا دەبی هیزەکانی خۆیان لەلوبنان بکشیننەوە. هاروەها "حکومەتیکی یەکگرتووی نیشتمانی" بۆ بەریوەبردنی ولات لەهیزە ناوخۆییەکان پیکبیت و ئەرکی دامەزراندنەوەی دەولەتی لوبنان، وەك یەکیك لەدەولەتانی عەرەبی لەریگای هەلبژاردنیکی ئازاد و جیگیرکردنی دەستوریکەوە لەئەستۆبگری. بەلام ریکەوتن نامەی تایف کەخۆی فاکتۆریك بوو بۆ جیگیرکردنی دیاردەی تەقسیماتی قەومی ئاینی وتیرەگەری وهیزی چەکداریان ، بەپیویست حکومەتی پیکهاتووی دوای ریکەوتن نامەکە بەهەویەتیکی ئالۆز و ناسازەوەو لەسەر پیناسەی تایفەگەری و ئاینی لەجۆری سوونی و شیعەکان، مەسیحی و دورزییەکان، عەرەبی وتەنانەت ئاوارەی فەلەستینییەکان پیکهاتەکانی پەرلمان وبەریوەبەرایەتیەکانی خۆی دابەش کرد وئارایشتی حکومەت ودەولەتی سپارد بەململانی ی دەسەلات وناوچەکانی نفورزی و میلیشیای چەکداری ئەم دەستەو تاقمانەو بەمجۆرەش کۆمەلگای لوبنان نەیتوانی پیبنیتە نیو هەلومەرجی کۆمەلگایەکی ئاساییەوە و لەسەر بورکانیك لەناکۆکی وزەمینەکانی شەری ناوخۆو ناارامی و دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکە راوەستا.

بەلام ئەم واقعیەتانەو بارودۆخیك کەبەدوای ریکەوتن نامەی تایفدا رووی کردە لوبنان بەتەواوی لەژیر کاریگەری گۆرانکارییە جیهانی یەکانی ئەو کاتەدایە. کۆتایی هاتنی جەنگی ساردوو رووخانی بلۆکی شەرق و لەمەیداندا نەمانی رووسیا وکرانەوەی مەودایەکی تر بەئاراستەی سازدانەوەی جیهان لەبەردەم ئەمریکاو هەولدانی بۆ جیخستنی ئیستراتیژی نەزمی نوی وپاشان جەنگی یەکەمی کەندا و ئەو گۆرانکاریانەی بەدوایەوە هاتن، بەپیویست وولاتی لوبنانی لەنیو سیاسەتی جیهانیدا وەك "زەوییەکی بەجیهلراو" بەدیار هیزە ناوخۆیەکان ووجودی سوپای سورپاو هەولەکانی جمهوری ئیسلامی ئیران بۆ بەهیزکردنی حیزبوللا و هەرەشە سەربازییەکانی دەولەتی ئیسرائیلەوە راگرت. لەنیو ئەم بارودۆخانەشدا خەبات و نارەزایەتی خەلکی لوبنان ولەپیشیانەوە بزوتنەوەی کریکاری گۆشەو جەمسەریکی بەهیزی زەمینەو پیشینەکانی دریژبوونەوەی قەیرانی حکومەتی ئیستای لوبنانی پیکهیناوە. قەیرانیك کەلەماوەی 10سالی رابردوودا چەندین جار بزوتنەوەی کریکاری و یەکیتیە کریکارییەکان وخەلکی موتەمەدنی لوبنانی لەبەرامبەر دەسەلات وحکومەتی بۆرژوازی لوبناندا هیناوەتە مەیدانەوە. بەشکست کیشانی دەورەی یەکەمی حکومەتی عومەرکەرامی سالی 92 وناچارکردنی بە دەست لەکارکیشانەوە، نمونەی رۆشنی ئەم خەبات و لەمەیدادابوونەی بەرەی کریکاران و خەلکی لوبنانە. بەلام قەیرانی حکومەتی و رووداوەکانی ئەمرۆی لوبنان بەتەواوی لەچوارچیوەی سیاسەتیکی جیهانی جیاوازدایە.

## لوبنان : مەیدانیك بۆ كیشمەكیشی جەمسەرەكانی تیرۆریزم

بەدوای 11ی سیپتەمەبر وسەرهەلدانی دوجەمسەری تیرۆریستی وبەتایبەتیش بەدوای جەنگ لەئەفغانستان وعیراق، رۆژهەلاتی ناوەراست بۆتە یەكیك لەمەیدانە سەرەكی یەكانی روبەروبوونەوە و كیشمەكیشی ئیستراتیژی سیاسی و عەسكەری هەردوو جەمسەری تیرۆریزمی جیهانی، یانی ئەمریكاو هاوپەیمانانی لەدولەتانی رۆژئاوا، لەلایەك وئیسلامی سیاسی لەلایەكیترەوە. رووداوەكانی لوبنان و قەیرانیكی حكومەتی لەدریژەی ئەم كیشمەكیشانەو بەتایبەتی لەژیر گاریگەری بارودۆخەكانی عیراق وفەلەستینداییە.

عیراق بەدوای هەلبژاردن و پیكهاتنی دەولەتی ئیسرائیل لەهودنەیەكدا لەگەل فەلەستینیی یەكان، مەسەلەی دامەزراندنی دەولەت وئارامكردنەوەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستی لەژیر سایەی كۆنترۆل وجودی عەسكەری ئەمریكادا كردۆتە گۆشەیەكی سەرەكی ئیستراتیژی ئەمریكا لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا. سوریاو جمهوری ئیسلامی كەئارمبوونەوەی ئەم وەزعانە و سەگرتنی ئەم ئامانجەی ئەمریكا بەزەرەی خۆیان و تەواوبوونی دەسەلاتیان دەبینن بەتوندی دەخالەتیان لەتیكدانی ئەم بارودۆخانەدا هەیەو لەپشت دەستەوتاقمی ئیسلامی لەعیراق و حەماس و جیهادی ئیسلامی وحیزبوللای لوبنانەوە راوەستاون وبوونەتە بەربەستیكی سەرەكی سەریگای ئامانجەكانی ئەمریكا. ئەمریكا كەهیشتا لەعیراق و ئەفغانستان لەشەریكی رۆژانەدایە لەبەرامبەر هیزەكانی ئیسلامی سیاسیدا، سیاسەتی ئیحتواو توندكردنەوەی فشارەكانی لەسەر ئیران وسوریا گرتۆتەپیش. لەبارەی ئیرانەوە مەسەلەی فشاری ئەمریكا لەدەوری داخوازی لەناوبردنی پیشەسازی چەكی ئەتومی ئیران خالیكی میحوەرییە. لەبارەی سوریاشەوە داواكاری بۆ كشانەوەی هیزەكانی لەلوبنان و جیبەجیكردنی بریاری 1559 ی ئەنجوومەنی ئاسایش، كارتیكە بۆ بەستنی دەستی دەولەتی سوریا لەپشتەوە. لەبەرامبەردا هەولەكانی دەولەتی سوریاو ئیران بۆ تەقویەتكردنی دەستەو تاقمی ئیسلامی لەعیراق و حەماس و جیهاد لە فەلەستین وحیزبوولا لەلوبنان و هەروەها هاولدان بۆ مانەوەی حكومەتی كەرامی وئەمیل لحود وەك حكومەت و دەولەتیكی لایەنگر بەسوریا وئیران، بەپیویست لوبنانی كردۆتە مەیدانیك بۆیەكلاكردنەوەی ئیستراتیژی سیاسی و سەربازی جەمسەرەكانی تیرۆریزم. بەمجۆرەش قەیرانی حكومەتی و كیشمەكیش وریزبەستنی هەریەك لەهیزەكانی ناوخۆی لوبنان لەچوارچیوەی ئەم هاوكیشانەو ئیتستراتیژی ئەم دووجەمسەرەداییە.

## لوبنان، حكومەت و ئۆپۆزسیۆن، دووهیزی كۆنە پەرست و دژی خەلكی:

ئینتخاباتی پەرلمانی ئیستای لوبنان، ناوەرۆكی قەیرانی حكومەتی ئیستای لوبنانی لەبارەی چەند مەسەلەی سەرەكی یەوە خستۆتەروو. مەسەلەی دەستوری لوبنان و جۆری دەولەت وحكومەتی داهاتوو، مانەوەی هیزەكانی سوریا، هەلوەشاندنەوەی میلیشیای چەكدار، جیگای ئاوارە فەلەستینی یەكان و هەلویست لە دەولەتی ئیسرائیل، لەسەرەكی ترین مەسەلە سیاسی یە كانی ئیستای لوبنانە. لەگەل دەست پیكردنی پروپاگەندەی هەلبژاردنەكانی پەرلماندا، خواستی چوونەدەرەوەی هیزەكانی سوریای لەنیو باقی مەسەلەكانیتردا بووە خالیكی مەركەزی بەدەستی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنەوە، كەلەرەوتی توندبوونەوەی كیشمە كیشی نیوان ئۆپۆزسیۆن و حكومەتی لوبناندا رووداوی تیرۆری رەفیق حەریری لیكەوتەوە.

حكومەتی ئیستای لوبنان كەبەپالپشتی دەزگای موخابەراتی وهیزەكانی سوریاولەریگای سەپاندنی باج و وەرگرتنی پشتیوانەی مالی یەوە توانیبووی خۆی بەسەر خەلكی كریكارو زەحمەتكیشی لوبناندا داسەپانینی و بەناوی دیفاع لە هەویەتی عەرەبی وولاتی لوبنان و"مقاوەمەت لەبەرامبەر ئیسرائیلدا" لەریزی دەولەتی سوریا و بەرژەوەندی یەكانی راوەستی و بەم هۆیەشەوە مانەوەی چەندین دەستەو تاقمی چەكداری ئیسلامی و مەزهەبی و تیرەیی بەسەر ژیانی خەلكەوە تەبریربكا، بەتوندی بەدژی ئەم خواستەی ئۆپۆزسیۆن راوەستاوە و خوازیاری مانەوەی لوبنانە لەسەر ریكەوتننامەی تایف، كەخالەسەرەكی یەكانی بریتی یەلە، داننان بەدەولەتی سوریا، وەك دۆستیكی هاوپەیمان وهاوبەش لەئارامی ولات و بەرگری لەبەرامبەر ئیسرائیلدا دەناسریت، چوونەدەرەوەی سوریا بەپیی ئەم ریكەوتن نامەیە لەسەر خواستی حكومەتی لوبنانەو پیشمەرج نی یە بۆسازدانی هەلبژاردنەوەی پەرلمان و تەشكیلی حكومەتی تازە. ئەو هیزە چەكدارانەی لەریكەوتن نامەی تایفدا بەشدارن وەك هیزیكی بەرگریكەر و بەشیك لە هیزە نیشتمانی یەكانی دەولەتی لبنان جیگایان هەیە، لوبنان دەولەتیكی عەرەبی یەو بەعەرببیش دەمینیتەوە لەناوچەكەدا.. ئەم بەندانەی ریكەوتن نامەی تایف كەنزیكەی 15 سالە لەلایەن حكومەتی لوبنانەوە بەدەستەوە گیراوە، نەیتوانیوە نەك هەر هەویەتی مەدەنی و هاووولاتی بوونی یەكگرتوو بۆ خەلكی لوبنان دابین بكا، بەلكو خۆی هۆكاریك بووە بۆ دریژكردنەوەی پیكهاتی قەومی و ئاینی و تیرەگەری بەسەر كۆمەلگای لوبنانەوە. بەمجۆرەش كارنامەیەك كەئەم حكومەتە نیشانی داوە شتیكیتر نی یە جگەلەوەی كەوەك ئامرازی دەستی ریزیك لەموفتەخۆرانی سەرمایەدار ودەلالانی سیاسی چینی بۆرژوازی لوبنان دەوربگیری و نەفسی وجودی پیچەوانەبیت بە خواستەكانی خەلكی مەدەنی ئەم ولاتە. لەئیستادا ولەباری سیاسیشەوە ئەم حكومەتە وبەشە پیكهاتوەكانی لەپیشیانەوە حزبوللای لوبنانی نوینەرایەتكردنی محەللی جەمسەری تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی وئیستراتیژیكە كە لەبەرامبەر ئەمریكاو ئیسرائیلدا لەنیو بارودۆخەكانی ئیستای لوبناندا لەئەستۆی گرتووە.

لەولاشەوە هیزەكانی ئۆپۆزسیۆنی ئەم حكومەتە كەشیعاری چوونەدەرەوەی هیزەكانی سوریایان كردۆتە میحوەری هەلخراندنی خەلك، سالانیكی زۆر چ بەشداربووبن لە حكومەتدا و چ نەبووبن لەلایەنگری سوریا ولەپشتی مانەوەی هیزەكانی راوەستاون. تەنانەت رفیق حریری رەمزی دەستی ئیستای ئۆپۆزسیۆن، یەكیك لەسەر مایەدارە ناودارەكانی لوبنان، تەواوی سەردەمانیك كەلەپۆستی سەرۆك وەزیرانی لوبناندابووە ئەم سیاسەتەی گرتۆتەبەر، بەلام ئیستا ئۆپۆزسیۆن لەچوارچیوەی گۆرانكاری یەكانی ناوچەكەو نەخشی ئەمریكا لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا، ریگای نزیك بوونەوە وراوەستان لە

ریزی سیاسەتەکانی ئەمریکای هەلبژاردووە و دەستی لەلایەنگری سوریا بریوە.  خواستی چوونەدەرەوەی هیزەکانی سووریا و داواکاری بۆجیبەجی کردنی بریاری 1559 ی ئەنجومەنی ئاسایش، یەکەمین دیاری دەستی ئۆپۆزسیۆنە بۆ راکیشانی ئیعتمادی ئەمریکا بەخۆی. بەپیی ئەم بریارە کە چوونەدەرەوەی هیزەکانی سوریا دەکاتە پیشمەرجی سازدانی هەلبژاردنەوەی پەرلمان و دامەزراندنەوەی "حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانی لوبنان"، مەسەلەی هەلوەشاندنەوەی میلیشیای چەکدار و کردنەوەی دەرگا بەرووی جیاوازیە ئەسنیکی و ئاینی و تیرەییەکانی ئەم ولاتە و جیگیرکردنیان لەدەستووری داهاتووی ولاتدا، بەناوی دیموکراتیکردنی لوبنانەوە.. لەخالە سەرەکیەکانی ئەم بریارەی ئەنجومەنی ئاسایشە کە ئیستا بۆتە بەرنامەی ئۆپۆزسیۆنی لوبنانی. ئەمەلەکاتیکدایە ئەم ئۆپۆزسیۆنە لەپیشەوەیان وەلید جومبلات کە ئیستا وەك یەکیك لەکەسایەتییە ناودارەکانی ئۆپۆزسیۆنی دوای حەریری لەلایەن میدیای رۆئاواوە بەرجەستە دەکریتەوە، خۆیان بەشیان لە داسەپاندنی حکومەتی ئیستای لوبناندا هەیە. کایەیەکی سیاسی کەئیستا لەنیوان  حکومەت و ئۆپۆزسیۆندا هەیە، نەك هیچ پەیوەندیکی بەخواستی خەلکی لوبنان و جیگیرکردنی ماف و ئازادییەکانی ئەوانەوە نییە، بەلکو لەهەردوولاوە مافی هاولاتیانی لوبنانیان کردۆتە بارمتەی بردنە پیشەوەی سیاسەتەکانیان.

## سوریا، ناسیونالیزمی عەرەبی وتەنگانەیەکی تر:

جیگیربوونی هیزەکانی سوریا لەلوبنان ئەگەر چی لەسەرەتاوە لەچوارچیوەی جەنگی ناوخۆ و کیشەی نیوان دەولەتانی عەرەبی وئیسرائیلدا هاتەکایەوە، بەلام دریژەکیشانی ئەم حالەتە لەمیانەی چەند سالی رابردوودا گۆردرا بۆ ئامانجیکی ئیستراتیژی ناسیونالیزمی عەرەبی حاکم لەم ولاتەدا. سوریا کەبۆ وەرگرتنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی و بۆمل پیدانی دەولەتی ئیسرائیل بەتەوافقاتیك کە بالادەستی سوریا بەسەر ناوچەکانی جەولاندا بسەپینی چاوی بریە ئەوەی کەخاکی لوبنان بکاتە پیگەیەکی جەنگی بۆهەراسکردنی دەولەتی ئیسرائیل و بۆئەمەش مانەوەی هیزەکانی لەلوبناندا کردە پشتیوانەیەك بۆ چەکدارەکانی حیزبوللاو "بەرەی مقاوەمەتی لوبنان"ی. بەلام دریژەکیشانی باروۆدخی نائارامی و شەری ناوخو وبیتوانایی حکومەتی لوبنان لەکۆنترۆلی ناوچەکان، دەولەتی سوریا، مەسەلەی داسەپاندنی حکومەتیکی لایەنگر و هاوپەیمانی ئیستراتیژی خوی وەك ئامانجیك بۆئیستراتیژی مانەوەی هیزەکانی لەلوبناندا گرتەبەر. حکومەتیکی هاوشیوەی خۆی کەلەسەر بنەمای ناسیونالیزمی عەرەبی و ئایادیۆلۆژیای عروبی وبەپشت بەستن بەدامودەزگای ئیستخبارات و سوپا و سەرکوت بتوانی خەلکی لوبنان لەبۆتەی هەویەتیکی یەکگرتووی عەرەبیدا بەدژی ئیسرائیل و ئەمریکا جیگیربکا و لوبنان بکاتە ناوچەیەکی دریژکراوەی دەولەت ونیزامی سیاسی سوریا.  بەلام ئەم ئامانجە لەلایەك بەهۆی کەمی سەرمایە لەخودی سوریا و خاسیەتی ئابووری لوبنان کەلەسەربناغەی بەشبەش بوونەوەی سەرمایەدەرواتە پیشەوە و هاوکات تەسبیت بوونی پیکهاتە ئیسنیکی و ئاینییەکان و لۆکەلیزمیك لەسیاسەتدا وەك ئاکامیك لەشەری ناوخۆ ئەم ئامانجەی دەولەتی سوریای وەك خەونیك هیشتەوە.  لەلایەکیتریشەوە رووداوە جیهانییەکانی دەیەی 90 و خالیبوونەوەی پشتی دەولەتی سوریا لەهاوپەیمانیتی روسیاو ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات، هیندەی تر ئەم خەونەی لەگەل شکستیکی ئەکیدا بەرەو رووکردەوە. بەدوای رووداوەکانی عیراق و شکستی رژیمی ناسیونالیستی بەعس لەعیراق بەتەواوی جیگای دەولەتی سوریا وناسیونالیزمی عەرەبی بەرەو مەوقعیکی دیفاعی راپیچداو دواتریش لەگەل سەرهەلدانی قەیرانی حکومەتی وروداوەکانی لوبناندا، ناسیونالیزمی عەرەبی و دەولەتەکەی لەسوریادا لەگەل تەنگانەیەکی تربەرەو رووکردۆتەوە.  مل دان بەبریاری کشانەوەی هیزە سەربازییەکان لەلوبنادا سەرەتای ئەو تەنگانەیە کەمانەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی وحکومەتەکەی لەسوریا لەمەحەك دەدات.

## ئەمریکا، دیموکراسی وخەونی رۆژهەلاتی گەورە:

فشارەکانی ئەمریکا بۆسەر سوریا و ئیجبارکردنی بە کشانەوەی هیزەکانی لەلوبنان بەتەنها ئەلقەیەك نییە لەسیاسەتی ئەمریکا بۆ ئیحتواکردنی رۆلی سوریا لەبارودۆخەکانی عیراق وکۆنترۆلی ناوچەکە، بەلکو  کردنەوەی مەیدانیکە بۆ گۆرینی  هاوکیشە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و بردنە پیشەوەی ئیستراتیژی "رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە". لەم ئیستراتیژییەدا گۆرینی رژیم ( regime change  )وسازدانەوەی رژیمەکانی رۆژهەلات بەپیی دەوری تاقانەی ئەمریکا لەدنیادا میحوەرییە. لەمبارەوە لوبنان و سوریا جیگایەکی تایبەتیان بۆ ئارامکردنەوە وسازدانەوەی رۆژهەلاتی ناوەراست هەیە. جیگای دەولەتی ئیسرائیل لەم ئیستراتیژییەدا لە"رۆلی پۆلیسیکی ناوەچەییەوە" دەگۆری بە"خالی مەرکەزی". بەلام نەفسی دەولەتی ئیسرائیل بەم حالەیەوە لەپەیوەند بەدەولەتانی عەرەبی وبەمانەوەی کیشەی فەلەستین و بەربەستەکانی پیکهاتنی دەولەتی فەلەستینییەوە ، لەپیشەوە ئەوە دەخوازی کەکیشەی ئیسلامی سیاسی و وجودی دەولەتانی موخالیف بەرەوتی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا یەکلاببیتەوە. لەمبارەشەوە لوبنان وسوریا لەدوای چەسپاندنی "گۆرینی رژیم" لەعیراقدا لەلیستی پیشەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکادا قەراریانگرتووە.

لەبارەی لوبنانەوە .. هەتنە سەرکاری حکومەتیکی لایەنگر بەئەمریکا لەدلی قەیران و رووداوەکانی ئیستادا ئیمکانی ئەوە دەدات بەئەمریکاو ئیسرائیل کەسوریا لەناوچەکەدا تەریك و بیدەخالەت رابگری ولەداهاتویەکی نزیکیشدا ناچاری بکات بەسازانیکی بیدەستکەوت لەگەل دەولەتی ئیسرائیلدا. هاوکات "گۆرینی رژیم " لەلوبنان ئەو ئامانجەشی بەدواوەدەبی کەچەککردن و وەدەرنانی حیزبوللا لەخاکی لوبنان وهەروەها  گەرانەوەی ئاوارە فەلەستینییەکانیش لەبەرنامەی دانوسانەکانی نیوان فەلەسینییەکان دەرکیشی. بیگۆمان چوونە پیشەوەی ئەم رەوەندە سەرەنجام رەوتی سیاسەتەکانی ئەمریکا و"گۆرینی رژیم" باناراستەی سوریا، سادە ولەبارتردەکاتەوە.

بەلام سەرەنجام بەرپاکردنی دوو جەنگی گەورە لەعیراق و ئەفغانستان وگۆرینی رژیمەکانیان وهیشتنەوەی ئالەتیکی گەورەی میلتاریزم لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا و هەروەها ناچارکردنی یەك لەدوای یەکی دەولەتانی عرەبی لەمەغریبەوە بۆ سعودیە و لیبیاو میسر، دامەزراندنی" رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە" ی بۆئەمریکا کردۆتە خەونیکی ئیستراتیژی کەپایەکانی خۆی لەسەر دەوری یەکانەو یەکلایەنەی ئەمریکا لەپەیمانە ئابووری و سیاسی و عەسکەری و ئەمنیەتییەکاندا دابیندەکات و رۆژهەلاتی ناوەراست وەك بازاریك لەبەردەم سەرمایەو سەرمایەدارانی ئەمریکایی دادەنی. بیگۆمان هەموو ئەمانەش بەنرخی داسەپاندنی جەنگ و کاولکاری وسیاسەتی گەمارۆدان و لەبەینبردنی مافەمەدەنییەکانی خەلکی ناوچەکە تەواودەبی.

## سەرەنجام، کۆمەلگای لوبنان ومەترسی جەنگیکی ناوخۆیتر:

قەیرانی حکومەتی ئیستای لوبنان، مەترسی سەرهەلدانەوەی جەنگیکی ناوخۆی تری بەرەو رووی کۆمەلگای لوبنان کردۆتەوە. خەلکی لوبنان بەدوای چەندین سال لەشەری ناوخۆو پیکدادانی چەکداری نیوان هیزە قەومی وئاینی وتیرەییەکان وبەدوای بۆردومان و پەلامارو شەر فرۆشتنی بەردەوامی دەولەتی ئیسرائیل، لەم سالانەی دوایدا هەناسەیەکیان هەلکیشاو پشوویەکیاندا، بەلام ئەوەی ئیستا لەبەرنامەی هیزە دەخالەتگەرەکانی لوبنان و ناوچەکەو ئەمریکادایە، بیمەسئولیەتیکی ئاشکرا لەبەرامبەر ژیان و ئەمنەیەتی هاولاتیانی لوبنانی داخەتەروو. چ حکومەت و لایەنگرانی دەولەتی سوریا، چ سوپا ودەزگاکانی موخابەرات سوریاو چەکدارەکانی حیزبوللا، چ بەرەی ئۆپۆزسیۆن و لایەنگریان لە سیاسەتەکانی ئەمریکا، تەنانەت چ ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوا و سیاسەتی دەست تیرەوردانیان لە ناوچەکەدا، لەسیناریۆیەکدا بەشدارن کەکۆمەلگای لوبنان بەرو جەنگ و خوینریژی وکوشتارو کاولکاری راپیچدەکا.

خەلکی لوبنان بە"موسولمان و مەسیحی"یەوە، بە"دورزی و عەرەب زمان"ەوە، بەفەلەستینی و هەموو ئەوانەی خۆیان بەزرەرەمەند دەبینن لەنائارامی وقەیرانی ئیستادا، ریگایەکی تریان لەبەرە کە پیشتر لەسەردەمانی شەری ناوخۆی سالانی 80کاندا نیشانیاندا. ریگایەك کە بەخستنەری خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین، هیزیکی پیچەوانەیان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و ئارامی وولاتی لوبنان هینایە مەیدانەوە. خەلکی لوبنان قوربانی سیاسەتی بەشەکانی بۆرژوازی ناوخۆ وبەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو دەولەتانی ناوچەکەیە وهەرئەم هیزانەشن ئەوانیان لەبەردەم دووبارەبوونەوەی مەترسی شەریکی تردا راگرتووە. پاراستنی کۆمەلگای لوبنان لەم مەترسییە تەنها بەریزی ریکخراوو ویەکگرتووی خەلکی لوبنان و هاتنە مەیدانیان لەبزوتنەوەیەکی رادیکالی ئینسانی و موتەمەدندا بەدژی ئەم هیزانە ئەتوانی قەیرانی ئیستای حکومەت بەقازانجی خۆیان بگۆرن.

10/3/2005